# گۆڤاری ڕۆژنامەنووس و دوو ڕوونکردنەوەی پێویست

فەخرەدین تاهیر

((1))

لەگۆڤاری ڕۆژنامەنووسی ژمارە (7)ی بەهاری (2006) و لەلاپەڕە (63 _ 94)دا، بابەتێکم لە ژێر ناوونیشانی (پێشانگای ڕۆژنامەگەریی کوردیی هەندەران لەهەولێر) بڵاوکراوەتەوە.مخابن لەکاتی تایپ کردنەوەی ئەو بابەتەم هەڵەو ناتەواوی تێکەوتووەو لەنووسینەوەی بەئەلفبای لاتینی ناوی گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا سەر لەبەری بەهەڵە نووسراوەتەوە.هەڵبەتە من ئەو بابەتەم جارێکی دیکە نووسیوەتەوە و لە ئایندەدا بەبێ هەڵە وکەم و کوڕی لە شوێنێکی دیکەدا بڵاوی دەکەمەوە.

((2))

هەر لەگۆڤاری ڕۆژنامەنووسی ژمارە(7)ی بەهاری(2006)دا ، لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی ((ریاتازە)) لە ژێرناوونیشانی((ریاتازە)) بەتەمەنترین ڕۆژنامە لەمێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ، بەدواداچوون و ڕاستکردنەوە بڵاوکراوەتەوە،کەئەم لێکۆڵینەوەیەم لەسێیەمین فیستیڤاڵی بەدرخان لەیادی 108ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا ،کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بەهاوکاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەهاری 2006دا ، لەهەولێری پایەتەخت بەڕێوەچوو ، لەڕۆژی سێیەمی فیستیڤاڵەکەدا لێکۆڵینەوەکەی خۆم لەهەمان ڕۆژدا پێشکەش کرد و هەر لەوێش ڕامگەیاند کە ئەو لێکۆڵینەوەیەی من لە گۆڤاری ڕۆژنامەنووسدا بڵاوکراوەتەوە،ئەوەندە هەڵەی چاپی تێکەوتووە بەبەرهەمی خۆمی نازانم ، هەرچەندە دەبووایە ئەو دوو ڕوونکردنەوەیەم لەگۆڤاری ڕۆژنامەنووسی ژمارە(8)دا بڵاوبکردبووایەوە ، مخابن ئەمەیان کەمتەرخەمی خۆم بوو.

ئەوەی شیاوی گوتنە چونکە مانگنامەی بەدرخانیش پەیوەندیدارە بەیادی ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی کوردیی بەباشمزانی لە بەدرخانی مانگی ئەیلوولدا بڵاوی بکەمەوە وبۆ ئەوەی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسە بەرێزانەی لەو بوارەدا کار دەکەن لێی بەئاگابن.

بێگومانیشم بەشێکی زۆریش لە ڕێگای سایتی ئینتەرنێت ئەو بابەتەیان خوێندۆتەوە، بۆیە بەپێویستی دەزانم ئێستا لەسایتی ئینتەرنێتیش بڵاوییکەمەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش لەم ڕووەوە ئاگادار بن.

ئەوەی شایەنی گوتنە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو لێکۆڵینەوەم کە دەربارەی ڕۆژنامەی ((ریاتازە)) نووسیوە، بەزانیاری و بەڵگەنامەی تازەوە بەشێوەی نامیلکەیەک بڵاوی دەکەمەوە.

لەدوماهیدا داوا لەنووسەر و ڕۆژنامەنووسان ئەوانەی لەبواری کاری ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لێکۆڵینەوە ئەنجامدەدەن دەکەم ، با ئەو لێکۆڵینەوەی من کە لەپێشدا ئاماژەم بەناوونیشانەکەی داوە ، تکام وایە بە سەرچاوە یان باشتر بیبێژم وەک لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە بواری کاری ڕۆژنامەگەریدا وەری مەگرن ، چونکە مخابن لێکۆڵینەوەکەم سەرلەبەری شێواندراوە و بەبەرهەمی خۆمی نازانم.

سوێد 2006/10/10
fakhradintahir@hotmail.com